## ئةي كوا شسرة كوأاني بارزاني و طيان لةسةر دةستةكاني يةكمتي نيشتماني كوردستان؟ ... دةرسيم ديبةطةيي

ئەمڕۆ بە تەلەفۆن برادەرێک پێی ڕاگەیاندم کە موفەوەزی ئەمن و جەللاد و پیاوکوژ موفەوەز وادی دەمێکە لە هەولێر لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان گیراوە. هەر ئەو برادەرە پێی ڕاگەیاندم کە تاوەکو ئێستا کەسێک نییە داوایەکی لە دادگا لەسەر تۆمار بکات. موفەوەز وادی عارەبێکی تەعریبی دانیشتووی یەکێ لە گوندەکانی ناحیەی گوێڕی سەر بە هەولێرەو زیاتر لە 20 ساڵ لە ئەمنی هەولێر_چایخانەی بایز وەکو جەللاد و موفەوەزی لێکۆڵینەوە لەگەڵ زیندانیە سیاسیەکان کاری کردوە. زۆر دژی کوردەو یەکێک لە عەوەبە هەرە شۆفینیستەکانەو زمانی کوردی باش دەزانێت. لەکاتی لێکۆڵینەوە زۆر بێ ویژدانانە لە زیندانیەکان دەدات و هەرچی جوێنی ناشیرینی ناو قاموسی بەعس و لە بەعس ناشیرینتر هەیە دەیدات.

یەکێک لە شەوەکانی مانگی ئۆکتۆبەر یان نۆڤێمبەری ساڵی 1986 بوو، دوای ئەوەی بووە غەڵبە غەڵبی ئەمنەکان لە حەوشی تەنیشت ژوورەکەمان ژووری 4، زانیمان شتێک ڕوویداوە بۆیە ئەمنەکان بەم شێوەیە تەنگاو بووینە. ئەو کاتە ژووری 4 نزیکەی 40 تا 45 کەسی تیا دەبوو. هەندێک لە زیندانیەکان ووتیان با لە کونی ساحیبەوە تەماشا بکەین بزانین ئەمنەکان بۆ وا دەکەن؟ هەندێکی تر لەو باوەڕەدا بووین کە باش نیە سەیری دەرەوە بکرێت، چونکە ڕووناکی گڵۆپەکە لە کونی ساحیبەکەوە بۆ دەرەوە دەڕۆیشت وهەر کەسێک بیەوێت لەو کونەوە سەیری دەرەوە بکات ڕووناکی گڵۆپەکە لە دەرەوە دەبڕێت و لەو دیوەوە هەستی پێ دەکرێت.

مامۆستا ئەنوەر عەبدوڵلا گوێی نەدایە هیچ و سەرکەوتە سەر ئاودەستەکەو سەیری دەرەوەی کرد. دەم و دەست ئەمنەکان هەستیان کردو مامۆستا ئەنوەر هاتە خوارەوەو داوایکرد ئەگەر ئەمنەکان هاتنە ژوورەوە و پرسیاریان کرد با کەس ناوی ئەو نەدات. من یەکێک بووم لەوانەی کە بە مامۆستا ئەنوەرم گووت کە باشترە هەر خۆی لێدانەکە بخوات نەک کەسێکی تر، هەروەها پێم گووت" گەر من لە شوێنی تۆ بومایە لەکەس نەدەپاڕامەوەو ڕازی نەدەبووم لە کەسێکی تر بدرێت، با هەر لەخۆمیان بدابایە". وا دیار بوو مامۆستا ئەنوەر زۆر پاڕایەوەو ڕەنگی زۆر تێکچوو و بەبەردەوامی دەیگووت " ئاخر من ئیعترافم نیە دەمکوژن". بۆیە تەواوی زیندانیەکانی ئەو ژوورە بڕیارماندا کە هیچ کەس ناوی کەس نەدات و هەر کەسە بێئاگایی خۆی نیشان بدات.

دوای نزیکەی چارەگە کاتژمێرێک چەند جەللادێک بەخۆو بە کێبلەوە هاتنە ژوورەکەمان و پرسیاریان کرد کە کێبوو سەیری دەرەوەی کرد؟ هەموومان بێئاگایی خۆمان نیشاندا. بۆیە بڕیاریاندا بەڕیز لێماندەن. کاک قادر عەزیز تەها، کاک فوئادی شیوعی و کاک حاجی هەرکی یان مەلا ساڵحی برای بوو بانگکران و دەستکرا بە لێدانیان. ئەوانەی کە لێیان دەدان ئەبو ئەیاد، ئەبو عەلی، موفەوەز وادی، ئەبو عەباس و چەند ئەمنێکی تر. ئەوەی جێگای سەر سوڕمانبوو ئەو زیندانیانەی کە لە ڕیزی ئێمە بوون، جگە لە کاک بەختیار کاوانی، کاک کاردۆ محەمەد پیرداود و بەندە ئەوانەی تر هەموویان بە مامۆستا ئەنوەرەوە ئەو ڕیزەیان جێهێشت و چوونە گۆشەی ڕیزی بەرامبەر. دواتر کاک جیهاد شێرواانی بە ئەبو ئەیادی گووت" من پێتان دەڵێم کێبوو سەیری دەرەوەی کرد، بەمەرجێک لەو کەسەو هیچ کەسێکی تر نەدەن". ئەبو ئەیاد بەڵێنی داو کاک جیهاد دەستی بۆ لای مامۆستا ئەنوەر درێژکردو لێدان وەستاو لێدراوەکانیش هاتنە ژوورەوە. مامۆستا جەمال مەولود ئەحمەد هەر زوو گووتی" گەر پرسیاریان کرد بۆ سەیری دەرەوەتانکرد، بڵێن سەیرمان نەکرد، گڵۆپەکە تۆزی زۆری گرتبوو سڕیمانەوە". کاتێ ئەبو ئەیاد ئەو پرسیارەی کرد، کاک جیهاد

وەڵامەکەی مامۆستا جەمالی دایەوە. ئەبو ئەیاد هەر چەندە بەو وەڵامە باوەڕی نەهێنا، بەڵام وازی هێناو هەموویان چوونە دەرەوە.

ئەرێ باشە کوان شێرە کوڕانی بارزانی و گیان لەسەر دەستەکانی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و قارەمانەکانی دەشتی هەولێر؟ خۆ ئەو کاتیش زۆربەی هەرە زۆری پێکهاتەی ژوورەکە لە یەکیەتی و پارتی بوون. باوەڕیش ناکەم کە خەڵکی هەولێرو بەتایبەتی کۆنە زیندانیەکان نەیانزانیبێ موفەوەز وادی گیرابێت! چونکە من خۆم ناڕاستەوخۆ لە نەقیبێکی ئاسایشی هەولێرم بیستوە کە گلەیی ئەوەی کردوە، تا ئێستا کەسێک نیە داواکارییەک لە دادگا دژی ئەو جەڵلادە تۆمار بکات. وەکو ئەوەی کاکی نەقیب لەوێ نەبوو بێت و ئاگاداری دارکاریکردنی ئەو برادەرانەی ئەو شەوە نەبووبێت لەسەر دەستی موفەوەز وادی و هاوەڵەکانی! نازانم کاکی نەقیب بۆ خۆی داوای لەسەر تۆمار ناکات، کە خۆی یەکێک بوو لە زیندانیانی ژووری 4 و شەوی دارکاریەکەی ئەو برادەرانەی سەرەوە کە ناوم هێنان لە ژوورەکەمان بوو.

لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئاداری 1991 ژمارەیەکی زۆر لە بەعسی، ئەمن، ئێستخبارات و ڕەفیق حیزبیەکان ڕزگاریان بوو و لە ماڵی دۆست و ناسیاوەکانیان خۆیان شاردبوەوەو دواتر بە ڕێزەوە ڕەوانەی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم کران و دەربازبوون. موفەوەز وادی یەکێک بوو لەو کەسانەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دوای 11 ئاداری 1991 گوایە لە ماڵی موختاری گەڕەکی تەعجیل ـ هەولێر بووە و دواتر دەرباز کراوە. موختاری تەعجیل ناوی زرار بوو و موختاری گەڕەکەکەی ئێمە بوو. زرار موختار بەعسی بوو بە پلەی نەسیر موتەقەدم یان ڕەفیق، بەڵام پیاوێکی بێزەڕ بوو بۆ خەلکی گەڕەکەکەمان بەتایبەتی بۆ ئێمە زۆر جار یارمەتی دەداین و هەواڵی بە باوکم ڕادەگەیاند، چونکە دەیزانی برا گەورەکەمان و ئامۆزایەکمان لە سێدارە دراون و منیش لەسەر سیاسەت حوکم بوویمە. سەرەتای ڕاپەڕین کاک زرار موختار لەوە دەترسا کە خەڵک ئەزیەتی بدەن، بۆیە لە ماڵ دەرنەدەچوو. شەوێک باوکم پێمی گووت کە بچینە لای کاک زرار چونکە جاکەی بۆ ئێمە هەبوەو ئێستا دەترسێت کەسێک ئەزیەتی بدات. منیش لەگەڵ باوکم و براکانم سەردانی کاک زرارمان کرد و پێمگووت کە پێویست ناکات لەخۆی بترسێت، چونکە بەرەی کوردستانی لێبوردنی گشتی داوەو ئەویش خراپەی لەگەڵ کەس نەکردوە. گەر دەشیەوێت من پسولەیەکی بەرەی بۆ دێنم. کاک زرار زۆر سوپاسی کردم و کەیفی زۆری هات و تا ڕادەیەکی باش دڵنیابوو کە کەس دەستی لێنادات.

چەند ڕۆژێک دواتر کاک زرار لە قووتابخانەی ئەیوبییەی کوڕان تەنیشت بانقی ڕافدەینی کۆن بارەگایەکی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ئاوەدان کردەوە. هەتا 31. 3. 1991 کاک زرار لێپسراوی ئەو بارەگایە بوو. دوای کۆچە 2 ملیۆنەکەی خەڵکی کوردستانی باشوور و هاتنەوەی نەوەکانی سەعد کوڕی وەقاس و قادسیەی دۆڕاو، کاک زرار لە هەولێر مایەوەو لەگەڵ خەڵکەکە دەرنەچوو.

موفەوەز وادی یەکێکبوو لە سوپای داخ لەدڵی ڕژێم کە جارێکی تر پەلاماری هەولێریان دایەوە. هەر لە سەرەتای گرتنەوەی هەولێر هەواڵی ئەوە بڵاو بووەوە کە موفەوەز وادی وەکو گوورگی دەم بەخوێن بەربۆتە گیانی خەڵکی بێتاوانی هەولێر. کاک زرار بێستبوویەوە کا وادی پرسیاری ئەوی کردوە و بە خەیاڵی خۆی وای بۆ چوبوو کە خەڵاتی دەکات. تا ڕۆژێک لە نزیک ماڵی خۆیان کاک زرارو دڵشاد جەمالی برازای تووشی موفەوەز وادی دەبن. وادی

یەکسەر هەردووکیان بەبەر چاوی خەڵکی گەڕەکی تەعجیل و دانیشتوانی هەولێر قۆلبەست دەکات و دەیانبات و ئێستاو ئێستاش ئەو مام و برازایە نەگەڕانەوەو مەدالیای شەهادەت کرایە بەرۆکی ئەو دوو بێتاوانە.

هەر دوای گەڕانەوەم لە سەفەری کوردستان لە هاوینی 2003 دا، کاک خەسرەو عوسمان ئەندامی مەڵبەندی سێی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە هەولێر لە مانگی ئاوگۆست یان سپتێمبەر بوو پێی ڕاگەیاندم کا چەند ڕۆژێک لەمەو بەر بەڕێز مام جەلال پێشوازی لە هەندێک لە سەرەک عەشیرەت و پیاوماقوڵانی عەرەبی گوێڕ، مەخمور و قەراج کردو لەنێویاندا موفەوەز وادی دەرکەوت کە لە کوردسات نیشانیدابوو. کاک خەسرەو عوسمان لە کارە تیرۆریستیەکەی کە کرایە سەر مەڵبەندی سێ لە 1 شوبات لە هەولێر شەهیدبوو.

لەوانەیە کەسانێک هەبن بڵێن دەکرێت کۆنە زیندانیەکان و خەلکی هەولێر نەیانزانیبێت کە موفەوەز وادی گیرانێت لەلایەن پارتیەوە! منیش دەپرسم ئەی باشە، پارتی بۆ لە ڕێگای کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە ڕاناگەیێنێت کە موفەوەز وادی گیراوە و داوا لە خەلکەکە ناکات ئەوەی زانیاری لەسەر ئەو جەللادە هەیە با زانیاریەکان بدەن؟

من داوا لە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێم لە هەولێر دەکەم کە ڕاگەیاندنێک بڵاوبکەنەوەو داوا لە خەلکی هەولێر بکەن کە هەر زانیاریەکیان لەسەر ئەو تاوانبارە هەبێت، بەزووترین کات وەزارەتی لێ ئاگادار بکەنەوە. چونکە بەڕستی تاوانێکی گەورەیە کا خوێنمژێکی وا بە ئاسانی دەربازبێت و سزای تاوانەکانی خۆی وەرنەگرێت.

Darsim88@hotmail. com
peshewa@stofanet. dk

www.kurdistannet.org